www.kurdistannet.org
24-2-2007 12:48 یەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## عوسمانی حاجی مەحمود لە یەکێتی گەورەتر نیە. . . . ئاراس

کاك ڕۆڤان سروەت بابەتێکی لە کوردستان نێتی بەڕێزدا بڵاو کردۆتەوە لە ژێر ناوی یەکێتی بی عوسمانی حاجی مەحموود بەرەو هەڵدێرەڕوات. . بەڕاستی بەپێویستم زانی منیش وەك پێشمەرگەیەکی دانەبڕا و نزیك لە وەزارەتی ناوخۆ. هەندی ڕاستی حاشا هەڵنەگر وەك وەڵامێك بۆ کاك ڕۆڤان بخەمە ڕوو. .
بەڵی کاك عوسمان پێشمەرگە بووە. . بەڵی کاك عوسمان شەهیدی هەیە. . بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت ئیتر کە کاك عوسمان لەگەڵ ڕێزمدا بۆی کە تەنها پاڵەوانی گۆڕەپانەکە بووە. . کی لە کوردستاندا شەهیدی نەبووە. . ؟؟ کی لە کوردستاندا باجی قورسی بە کورد بوونی نەداوە. . ؟؟ بە سەدان کەس هەیە کە بنەماڵەکەیان لەسەر یەکێتی و کوردایەتی براوەتەوە و تەمەنیشی لە پێشمەرگایەتی دا پووکاوەتەوە و بە چارەکی چارەکی کاك عوسمانیش بەرووبوومی ماندوو بوون و قوربانییەکەیان نەخواردووە. . هەر هیچ دوور نەڕۆین کاك سامان گەرمیانی کە بڕوا ناکەم کەس نکوڵی لە ڕۆڵی قارەمانانەی ئەم پێشمەرگە قارەمانە بکات. . تا نزیکەی ناوەڕاستی هەشتاکان کاك عوسمانی حاجی مەحمود یەکێك بوو لە حیمایە کانی کاك سامان لە شاخ. . بێگومان ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە لەبەر ئەوەی کاك سامان گەرمیانی ماوەیەکی زۆر دووروودرێژ پێش کاك عوسمان پێشمەرگە بووە و لە گەرمیاندا ڕاوە بەعسی کردووە. . بێجگە لە دەست و داوێن پاکیش بە هەمان شێوە خاوەن پۆلی شەهیدی قارەمانە. . . بەڵام ئایا کاك سامان بە چارەکێکی کاك عوسمان ڕووناکی خرایە سەر و پۆستی مەزنی وەرگرت. . ؟؟ بی گوومان نەخێر بەڵکە زۆر کەس هەیە بەداخەوە لەوانەیە هەر نەشیناسێت. . . !! دیارە ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم پیاوە هەمیشە دوور بووە لە گەمەی کووتلە و دەستەگەرێتی لە ناو یەکێتی دا. . .
دواتر کاك ڕۆڤان نابی ئەوە لەیاد بکات کە وەزارەتی ناوخۆ زۆر بەداخەوە بە دەردی گەندەڵی یەوە تا ژێر چەناگەی تی نابوو. . لەوکاتەی کاك عوسمان بووە بە وەزیر هەر هەندی دەمووچاو شتن و باقی والسلام بە ئاشکرا پەراوێز کراون. . . کاك ڕۆڤان ئەتوانی نکوڵی لەوە بکات کە چەندین ئەفسەر هەیە لە وەزارەتی ناوخۆدا سی بۆ چوار جار ئیفادی ئەوروپا کراون لەسەر حسابی کووتلە و بە سەدان ئەفسەری داماوی بی دەسەڵاتی تریش هەر لێویان هەڵقورچانووە و زەقەی چاویان هاتووە. . ؟؟ کاك ڕۆڤان ئەتوانی پێمان بڵی بۆچی ئەفسەر هەیە زیاتر لە چوار ساڵە لەیەك پۆستدایە و ئەفسەریش هەیە هەر چەند مانگە و لە دەڤەرێکە. . .
دواتر کاك ڕۆڤان یەکێتی زۆر لەوە گەورەترە بە واز لێهێنانی عوسمانی حاجی مەحموود بەرەو هەڵدێر بچی. . . خۆ کاك عوسمان لە کاك نەوشیروان گرنگ تر نییە. .
دواتر با لە بیرمان نەچی کە ڕیفۆرم خوازەکان خۆیان داوای هەڵبژاردنیان کرد بەو ئومێدەی سەردەکەون کە سەریش نەکەوتن. . . ئیتر ئەبی بیر لە ئاژاوە گێڕان نەکەنەوە ئەگەر بەڕاستی یەکێتین و دڵسۆزی ووڵات و خوێنی شەهیدانن. . . ئەگەریش نـا ئەوەیان باسێکی ترە. . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.